# کۆمیدیای باران
# و
# تراژیدیای من

ئەنوەری ڕەشی عەولاّ

باران گوڵن ، لە گوڵدانی هەورا
باهۆزی سەرخۆشی بروسکە
د ە ی ا ن و ە ر ێ ن ێ

باران :
نهێنی کۆمارە ڕەش و سپی و بۆرەکانی ئاسمانن و
شانامەی ئەو مانگە دیلەمان بۆ بەیان دەکەن
کە تابلۆیەکی حەپەساوە
لە پێشانگای ڕامانە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئێمەدا
ئەو مانگە ناوێزە و فریشك کەوتووەی
نە کەسی بووە و
نە کەسی لێدەبێت !
مانگ دەفێکە سوواو ، شەوانە
تەنیایی و گیرۆدەیی خۆی دەکوتێ

ئەستێرەکان دەروێش:
ئەو دەروێشانەی ، نقومی بەدحاڵی زیکرن و
لە حەژمەتی سووتانی ژێواری ڕۆحیان
گەمەیەکی سەرشێتانە
بە دار و پەردووی سەرنجە خۆڵەمێشیەکان و
کوانووی تاسە سرکەکانمان دەکەن .

مانگ باخەوانی ..گوڵە بە ورشەکانی
ئەو ئەستێرە بە بریقانەن ، کە تەنێ
دەست و پەنجەی بلوورینی شیعریان بەرکەوتووە
ئەوەتا بوونەتە ، تاجە گوڵینەی زیوینی خواش .

ئەستێرەکان پەزن ، مانگ شوانێکی چیچکەکردووی
نوورانی و سپیپۆش
هەورە ڕەشەکان گورگن ، بە لوورەیان
ئەستێرە دڵناسکەکان دەتارێنن
مەگەر ئازیز مردان بزانن بۆ چ دۆڵێك دەکشێن ؟

ئەستێرەکان قارچکی سپی و سۆڵەن
بە گرمەی چەخماخە چاو سوورەکان هەڵتۆقیون
هەورە نەوسنەکان هاوسێیانن..بێزووی پێوە دەکەن
ئەو هەورانەی : بە کۆچ ئاوس بوون و
لە قوژبنی تەلارە هەرەس هێنراوەکانی تەمەنی
خێر نەدیوماندا ، قیژە و ناڵەی ژانگرتنەکەی
گوێی تەپی تەنیاییمان دەسمێت

باران لە پەنهاندا
گیانە سازگارەکەی دەزێت .

بارانی پەنهان :
لە ناو گالیسکەی بۆشاییدا
لە بێدەنگیەکی پڕ ئاوازدا ، سەمای
غەجەرییانەی دەکات ،
کە ئەسپە بە هێزەکانی بارانی بە خوڕەم و بارێزە ڕایدەکێشن

باران :

ئاژانسەکانی نیشتمانی خۆیمان بۆ دەهێنێ
لە غەریبیماندا ، دەبێتە چەتری بان
خەونە دوورە دەستەکانمان . بە ناو خاك و خۆڵی
مەنفا نزیك دەستەکانیدا هەنگاوی
بێئومێدی دەنێین . فێری تەڵقینی
داستانە هەزار و یەك شەوەکانی گوێ
ئاگردانەکانی کۆچی سوور دەبین
((وای لە سەمای گەرمی باران)) شیعرێك وتی

من نیشتمانی هەور نەچووم
دەڵێن : تەڕە
وەك ڕەحمی دایکم ، دەشێ منیش
لە ڕێکەوتێکدا وەك باران زابم ؟!

مرۆڤ لە خێزانی بارانە
دڵی پەشمەکیە و
خەونەکانی ئاسنین!
خوێنە سپی و گەرمەکەی بە دڵی کەسیرەماندا
ڕێچکە دەکات .

کوێستانیەك ، ئەم گەواهییەی لە یاداشتنامەی چەمێکا تۆمار کردبوو :
(( بارانەکە گوڵەکانی هەڵوەراند )) .

عاشقێك وتی : (( بارانم چاو کرد گوڵەکانی ژیانەوە )) .

*زەردك وتى : (( **گوڵەكانى بەر فانۆسى كوێرەوەرییم**
**لە بێ بارانیدا زمانیان شكا** )) .

**تینوویەك وتى** : (( **لە بیاباندا سەرابەكان بەرگى باران دەپۆشن**
**تا سەرنجى گوڵە گەلحۆكان بۆ خۆیان ڕابكێشن** )) .

**خنكاوێك وتى** : (( **دەبێ**
**مەرزى بارانە بۆن گوڵاوییەكانیش ببەزێنین**
**تا گوڵەكانمان**
**بە نەعرەتەى تۆفانەكان نەمرن** )) !!

**یاخیبوویەك وتى** : (( **واى لە پانۆراما و سەماى سڕڕى باران** ))

**هەڵم ڕۆحى بارانە ، پەیامبەرى**
**ئاهونزولە دەنگ دەرنەهاتووەكانى**
**ئەم عەردە پۆخڵ و پڕ دووپشكەیە ، بۆ ناو**
**مەنگەنە و دەستارەكانى ئاسمان**
**ئاسمان مامانە و گۆڕ هەڵكەن**
**هەڵم كیژێكە پاكیزە ،**
**لە سەجان و زیندانەكانى زیندەگى یاخیبووە**
**باوە گەورەى هەورەكان مارەى دەكات**
**لە كوخەكانى تاراوگەییدا عیشقى ئەفسونیان دەكەن**
**باران فرزەند و**
**كۆتەڵى عیشقە نەمردووەكەیانە .**

**لە باراندا بارانى دى لە دایكدەبن**
**سەفەر و ئازار**

**چاوەڕوانی**

**شیعر**

**خۆزیەکانیش هەروەسان**

**هەور بە دەستی باراندا**
**قەسیدە شیعرییەکانی بۆ ئێمەی زەبوون دەنێرێت**
**ئای لە سیمای شیعرە تووڕە و کوون لە دلاّنەبووەکان**

**لە بێشکەی تەڕو بڕی باراندا**
**ڕاز و نیازە بە بەرد بووەکان ڕادەژێنرێن**

**ئەو بەردە دلْڕەقە .. مێشکی بارانی پژاند**
**ئەو بەردە دلْنەرمەش .. بە گوللەی باران کونبوو !!**

**باران هەلاّلەیە...، بۆ پەپوولە ئەبلەق بووەکەی چاومان .**
**لە عەردی باراندا : مەتەلْ .. نهێنیە گومناوەکان ، شکۆفە دەکەن . کێ دەخوازێ**
**دیوانە چاپنەکراوەکانی هەور بخوێنێتەوە ؟ با**
**وشە ئینجیلیەکانی بگرێتە خۆ و ، سەر بکا بە**
**زنجی کۆشك و سەیرانی ئاوەڕۆکاندا..و بۆنی**
**گولْە ئاوی و کریستالْیەکان بکا .**
**ببێتە دایەنی**
**بارانە هەتیوکەوتوو بێ سەرپەرشتەکان و**
**گۆرانی هەلْویستیان بۆ بێژێ ، لەبەر**
**ئەیقونی خۆرەتاودا .**

**لانەوازێك وتی : (( ئەم زستانە تووشە مەرگ هێنەرە ))**
**دێوەرەیەك وتی : (( ئەم زستانە بەنگین و پڕ نەشئەیە ))**

ئەی بارانی بێچارە و کلۆڵم ، ئۆرکسترای
گریانە بە کوڵەکانی غوربەتی و
بەرماڵی دۆعای ئاسنین .

تەنێ یەسوعی شیعر ئەم چرپەمان لێ ببیستێ
هەموو ڕەنگە تۆخ و کاڵەکان
گشت جۆرە تاڵ و شیرینەکان
بە قەپانی هەست و سۆزی بریناوی خۆیان
مانا و غەمی بارانە نمناکەکان دەکێشن !
ئەی بارانی نەشمیلم...،نێچیری حوکمی بە پێچیدە و بکوژ
بنۆڕە : لە خەنەبەندانی تاوانە بێگوناهەکانمان
لە گوناهە بێتاوانەکانمان
بنۆڕە : چ یادگارییەکی تاڵ و شیرینمان تۆمار کردووە

لە سروشتێکی فریشتەیی و قەرسیلیدا
کە لە سەر پەنجەی تنۆکە نەرمەکانت سەما دەکەیت
شەتاوی شینی شیعرمان ، ئاوەڵایە
بۆ لرفە و شەپۆلی لەشت . جەخار
کە بە نینۆکی تیژی دڵۆپە کوێرەکانیشت
چاوی خەون و گوێسوانەی ئارامیمان هەڵدەکۆڵیت
ناچار....، باگردێن
دەبێتە سروودی بەرگریمان ، جەخار !

منی نارازی لە هەموو شت...ئاخ لە من
منی ڕێژنە بەو شەلی و لاڵیەی خۆم ، بەیداخی
یاخیبوونی هەمیشەییم ، بێ حوزن و ڕەزای خۆم
لە مەیدانی سەرگەشتەیدا هەڵکرد...و لە دایکمم نەبیست

دنیا : کا و بایە

شەڕ بە چەك دەكرێت !

ئا چیبکەم

لە تاو هەورێکی شێتگیر و سووتا و هەڵهاتم

مەملەکەتێکی کەللە تەزیو و جادو لێکراو ، بە کوللەی بەفر

بووە کاروانسەرای دەغڵی هەناوم .

ئەو کۆمارە ڕەش داگەڕاوەی

پڕە لە مار و مۆرانەی ڕەشی بەفر ، شازادەیەکە

شەوارە کەوتوو بە پلاجکتۆری گومڕایی

تەرزە : زەنگیانەو

بەفر : مرواری کەوا ڕەشەکەی ساڵی هەزار و نۆسەد و هەژدەیەتی

عیشقی شپرێو و کەللەتەزێنی – ببورن – دڵتەزێنی ،،

تینوویەتی شیعرم ناشکێنێ

گوڵچینی ئاهەکانم ، هەناسەیەك نابا

لە لەپی کەوەبوویدا پەژمووردە دەبن . بستێکە

بۆ بژوێنی خەونی ڕەنگاو ڕەنگم و

گەردونێکە ، بۆ تووتڕکی غەمی چەمووش .

گەورەی دڵ چکۆلەم..لە سوورەتەکانم مەڕەنجێ ، تەنانەت

سەما سەرمەدییەکانی جارانی مناڵیشم

لە باوەشی خەیاڵە تەنگەبەرەکانتا بیرچۆتەوە .

دڵم گوشراوە ، خۆزگەم خنکاوە ، زمانم شکاوە ،

لەشم دایەزراوە ، خەوم زڕاوە ، ژێوارم بێزراوە ..

پێخەفی ڕۆحیشم هەر زەلکاوە

وەك کوللەی دەغڵێکی دەست و پێ ونکردوو

دانە دانەی خانەکانی لەشمتان تەنیووە

نازانم ، هەردوو مۆمە کوژێنراوەکەی چاوی چاوەڕوانیم

بە چ تریفەیەك دابگیرسێنم نازانم...نا !

ئاخ لەم تەراتێنی ژیان و مردنەدا ، دیسان
سوارە شاخدارەکانی بەفر بەسەر هەوری هەنسکمەوەن
ئاخۆ بارانی سەوزی چ ئاسمانێك هەبێت ،
بتوانێ هەڵاڵەی ئۆخەیەك لە دوورگەی ژینما شینبکات ؟

لە هەورە بە قەقنەس بووەکەی زێدمدا ، مولیکیولەکانی
لەشم قرچە لە پەڕەی دڵیانەوە دەهات
گەردی ڕۆحێك کە مابووم ، لە دۆزەخی سارد و سڕی
تۆدا وا سووتا بووە کۆی زووخاڵ ،
بوومەتە توحفەی مۆزەخانەی ئازارە
دیار و نادیارەکانی چەرخی چەپگەرد
ئەی نۆبەچی ، سەجانی سفر و هەزارەمینم
بەفرت کفنی ئەو بارانەن لە گەشتیاندا
وشکبوونەوە و مەیین لە بێ مرووەتیتدا
کوچە و شەقام و گەلایەکی وەریویش نەما
نەبێتە گڵکۆی باران .
ئا **سێبلیوسیش پاڵتۆی ئاوریشمینی
نۆتە و ئاوازی کۆڕاڵەکانی نەکردایەتە بەر ، لەم سەرسەرەدا
مرازەکانی دەبوونە زوقم و چلورە
حەوت ئەسپەشێی سەمفۆنیای غارنەدایە
هەورازی ژانە بێسرەوتەکانی تەینەدەکرد و
نە دەگەییە نشێو و دامەنی ئارەزووی .

لە ئافات و تراژیدیای بەفرە فێ لێهاتووەکەت بنۆڕە
لەو بەهەشتەی بێ ڕێحانەی بۆنخۆشی ئەوینە
کوڕ و کاڵان نامە لەسەر بەفر دەنووسن
بازاڕەکان بەفر دەفرۆشن لە قووتودا

لە خانووی بەفردا دەژیم
هەوای بەفر هەڵدەمژم لە ساونەکەمدا و
جگەرەی بەفر دەکێشم ، نانی بەفرین دەخۆم !
بنۆڕە دانتیە عاشقەکانت کە بە ئەفیونی
بەفر فریویان نەخوارد گەنجێکن زەبوون
***کاڵیڤالای پیر و پەککەوتەشت لە کوخی بەفردا قرخن
تەزبیحی هەزار و یەك دەنکەی وڕێنەی
شەوە نەزۆکەکانت درێژ
گەرمەسێر و هەتاوی بە بەهاتیش ون
سەهۆڵبەندانی بەد فەساڵ ، ڕیش سپی گشت
وەرزە کۆست یەك بەدوایەکەکانی ڕۆحمە و
بارانی نۆکەر و هەناسە سارد
بە عیشوەوە دەستی ماچ دەکات
شەختەش گەردن کەچانە قنج و قیت لەبەری هەڵدەستێ
ڕەشەبای خوێن ساردیش بە دەستە لەرزۆکەکانی
کەوا شۆڕەکەی بۆ هەڵدەگرێ
دڕك و داڵی سەهۆڵ نەبێ
چ گوڵێکی پەمەیی و سوور
لەم بیابانە پڕ لە ملی زوقمەدا خونچەی چاوی دەپشکوێ ؟!
ئەی شیعری لە خوێن گەوزاوم ،بەو چاوە گەشانەت
لێم بنۆڕە...,, کا ,, ی ئەم بوونە ڕەنگ زەردەم
بە دەم ,, با ,, ی ئەو بوونە دڵڕەقەوە چ گاڵەیەکی
پێدەکرێ ! چ دیمەنێکم لەو نێوەدا ؟!

ئەی وڵاتی تابووتی بارانی عیشقە داغان بووەکان
ئەمێستا..ئارامگەیەکی بێ توتڕکم پیشانبدە
بۆ ئەم تەرمە بێ ئۆقرە و یاخیبووانەی

بێ ناونیشانن لەم جیهانە بچوکانەدا
داخوا..جارێك حەزت – ببوورن – حەزتان ،
لە سەمای سەرمەدی باران کردووە
ئەدی کەنگێ چەپڵە ڕێزانی ئەستێرەکان دەگەنە گوێم ؟!

ئەستێرەکان مۆمن :
لە ( عید میلاد )ی مانگدا دەسووتێن
مانگ پەرستگا وکەعبەی ئەو ئەستێرانەن
بەڕۆژ و نابن و خۆیان گێژ ناکەن بە تریاکی
درۆی نوێژ
زەنگۆڵی گەرمی مۆمەکان
بوونە باران و
دەبنە باران
(( من بارانم..کەواتە من هەم ))
ئاسمان شانۆیە :
ئەو ئەستێرانەی کەوی نەبوون و کەوی نابن
ئەکتەرین
پەردەی ئەو هەورە دابدەرەوە ، کە لە سەرپۆشە شیرییەکەی
دایکم دەچێت . هەمیشە لە تازییەی
شەهیدە خەون پەمەییەکاندا : دەینایە سەر و
دەینێتە سەر
تا پاك ببیتەوە ،، گۆرانیە تراژیدی و
کۆمیدییەکانت بچڕە..بۆ ئەو ئەستێرانەی
زایە بوون و
زایە دەبن
لە چڕە دووکەڵی– یوهەنوس– دا
چاوی هەڵگلۆفاوی پڕ ڕیپۆقیشت ، بۆ

مەنزڵی بێ مەنزڵی مەگێڕە
منی باران ، بێ نیشتمانم
منی باران ، تاسەم بەم جیهانە بەفراوییە ناشکێ
من ... ئا من
پاسپۆرتی مردن و ژیانم ، لە جانتا پڕ قەسیدە
ڕەنگاڵەییەکانی سەفەرما هەڵگرتووە
هاوڕێکانم : ئەوانەی لە ناو شیعرە ئاوارەکانی هەوردا
بووینە هاودەم و
دەبینە هاوغەم
ڕوو لە کوێ بکەین .. کوێ ؟!
ئەم جیهانە لە پۆستەرە شیعرێ تەسکترە !
+ بەڵێ : ها شوناسنامەکەم

من بارانم .. کەواتە من هەم

(( باران گوڵن لە گوڵدانی هەورا
سروەی مەستی بروسکەش دەیانوەرێنێ )) !!

سەرەتای 1995

---

– یان سێبلیوس : بە مۆزارتی فینلاند دەناسرێ ، خاوەنی حەوت سەمفۆینە و چەندین کۆڕاڵە .
– کالێڤالا : داستانێکی فۆلکلۆری میللی فینلاندییە .
– دانتی : خاوەنی ( کۆمیدیای یەزدانی ) ە .
– یوهانوس : بۆنەیەکە لە ناوەڕاستی هاویندا ، لەو ڕۆژەدا زۆرێك لە خەڵکی فینلاندی خۆکوژی دەکەن .
– زەردك : دیوانێکی شیعری – ئەحمەدی مەلا – یە و، هەر ئەو دێیەش زێدی شاعیرە .